# نیولیبڕالیزم لە ئاوێنەی مێژوودا

**(کورتەباس)**

د.کامران ئەمین‌ئاوە

## پێناسە و بنەماکانی نیولیبڕالیزم

چەمکی نیولیبڕالیزم بە چەشنی جۆراوجۆر پێناسە کراوە. "دەیڤید هاروی" بیرمەندی مارکسیست و مامۆستای جوغرافیا و مرۆڤناسیی زانستگەی نیویۆرك، نیولیبڕالیزم وەکوو پرۆژەیەکی سیاسی، چینایەتی کۆی سەرمایەداران پێناسە دەکا کە داسەپێنەری دەستەلاتی سەرمایەداری بە سەر کۆمەڵگەیە و هەوڵ دەدا هێز و توانای چینی کرێکار کۆنترۆڵ بکا. لە ڕوانگەی "ئەحمەدی سەیف" ئابووریناس، مامۆستای خانەنشینی زانستگەی ستافۆردشر و مامۆستای ئێستای کۆلێجی ڕیجنتزی بریتانیا، نیولیبڕالیزم "کۆی سیاسەتگەلێکە کە تێ دەکۆشێ دەستوورەکانی بازاڕ بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵ بکا. دەستووری بازاڕیش بریتین لە کاڵاکردنی هەموو ئەو شتانەی کە بۆ مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ واجب و پێویستن".

بەگشتی، بیرۆکەی نیولیبڕالیزم، بازاڕ وەکوو بنەمای سەرەکی و ناوەندیی کۆمەڵگەی مودێرنی سەرمایەداری پێناسە دەکا و لەم پێوەندییەدا پێویستە سیاسەتە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانی هەر وڵاتێك هەلومەرجی شیاو بۆ کارامە بوونی بازاڕ و ئازادییە کارخوڵقێنەرەکان مسۆگەر بکا. لە ڕوانگەی نیولیبڕالەکانەوە ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە پێکهێنان و پاراستنی چوارچێوەیەکی شیاو بۆ کار و باری بازاڕ و دەستەبەرکردنی مافی خاوەندارییەتی خۆی[1]. لەم ڕەوتەدا سەرەڕای پێویستی بازاڕ بە پشتیوانی دەوڵەت، ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت لە کار و باری بازاڕ تا ئاستێکی زۆر، کەم دەکرێتەوە.

تایبەتمەندی نیولیبڕالیزم، بەئابووری کردنی هەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤە. بە باوەڕی نیولیبڕالەکان، بازاڕ باشترین ڕێگا بۆ ڕێکخستنی تەواوی بوارەکانی ژیانە، بەڵام بازاڕ هاوکات پێویستی بە پشتیوانی یاسا و دەسەڵاتی دەوڵەتی هەیە. نیولیبڕاڵەکان بە پێچەوانەی لیبڕاڵە ئابوورییە کلاسیکەکان، لە لایەکەوە بازاڕ شیاوی هەموو بوارێکی ژیان و، ژیانیش شیاوی بەئابووری کردن دەزانن، لە لایەکی دیکەشەوە ڕکەبەری وەك دیاردەیەکی ئاسایی پێناسە دەکەن و پێیان وایە پێویستە ئەم دیاردەیە وەڕێ بخرێ، هان بدرێ و هاسانکاری و پشتیوانی لێ بکرێ، هەروەها جاروبار یارمەتی دارایی پێ بکرێ. هەر لەبەر ئەوەیە کە نیولیبڕاڵەکان کێشەیەك لەوەدا نابینن کە بازارەکان جاروبار خەڵك بەرەو هەڵدێری هەرەسهێنان بکێشن و، دەوڵەت و هتد بێن و بازاڕ بگەڕێنەوە سەر شوێن و پێگەی هەوەڵی خۆی.

---

[1] Private Ownership مالکیت خصوصی

هەرچەند پەرەگرتنی سیاسەتە ئابوورییەکانی نیولیبڕالی لە هەموو جیهاندا یەکسان و هاوشکڵ نەبووە، بەڵام نیولیبڕاڵەکان خاوەن خاڵی هاوبەشیشن، بۆ وێنە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە:

- بازاڕ باشترین و شیاوترین دەزگایە بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان لە ڕەوتی بەرهەمهێنان و دابەشیندا.
- کۆمەڵگە لە خەڵکێکی [بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری] ئازاد و خودموختار پێکهاتووە کە ئەنگیزە و هاندەریان تەنیا بەپێی بەرژەوندی و ڕەچاوکردنی ئابووری دیاری دەکرێ.
- "ڕکەبەری" بزوێنەری سەرەکی بازاڕ بۆ داهێنانی شتی نوێ و نوێکارییە.

توێژەران ٣ دەستە لە سیاسەتە ئابوورییەکانی نیولیبڕالییان دیاری کردووە:

- ڕزگارکردنی ئابووری لە ڕێگای لابردنی کۆنترۆڵی نرخەکان و هەڵگرتنی چاودێری لەسەر بازاڕەکانی سەرمایە، هەروەها کەمکردنەوەی بەربەستە بازرگانییەکان.
- دابەزاندنی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابووری و خۆیی‌کردنی[٢] بنکە دەوڵەتییەکان، هەروەها ئەوانەی کە بە پێداگری ماڵیاتی و ڕێگری لە دەرخستنی پارەیەکی زۆر و بڕاندنەوەی کەمیی بودجە، پارێزەری سەقامگیریی گەورە ئابورییەکانن.
- لابردنی یارمەتی دارایی دەوڵەت.

لە ئاستی نێونەتەوەییشدا، وێدەچێ نیولیبڕاڵەکان لە سەر سێ خاڵ کۆك بن:

١. بازرگانیی ئازادی شتومەك و خزمەتگوزاری
٢. سووڕانی ئازادی سەرمایە
٣. ئازادیی سەرمایەنانەوە

لایەنگرانی نیولیبڕالیزم بە یارمەتی "سندووقی نێونەتەوەیی پارە" و "ڕێکخراوەی بازرگانی جیهانی" بەشێکی بەرچاو لە وڵاتەکانیان مەجبوور بە ملدان بەم چوارچێوەیە کردووە، واتە ئێستا زۆربەی دەوڵەتەکان بە چەشنێکی لاوەکی لەگەڵ پەرەسەندنی دەسەڵاتی بازاڕ، دابەزینی بەرچاوی خەرجومەخارجی گشتی و ڕێساکانی[٣] دەوڵەتی و ملدان بە بیری تاکایەتین،[٤] تەنانەت ئەگەر لەم پێوەندییەدا بە میلیۆن کەس دۆڕاوی ئەم چەشنە سیاسەتە بن. لەوەدەچێ بەڕێوەبردنی ئەم چەشنە جیهان بینییە ئابوورییە لە ساڵەکانی داهاتوودا جیاوازیی[٥] باکوور و باشوور و نابەرامبەری جیهانی گەلێك ئاڵۆزتر و خراپتر بکا.

نیولیبڕالیزم بە پێداگری کردن لەسەر عەقلانییەتی ئابووری،[٦] تاکایەتی و بەرژوەندی شەخسیی هەوڵ دەدا ڕێپیشاندەری هەموو کار و هەنگاوێکی نێو کۆمەڵگە بێ و بە دیاریکردنی ئامانجە ژیربێژانە، تاکخوازانە و خۆپەرستانە وەکوو ڕێپیشاندەری تەواوی ئاکارەکانی مرۆڤایەتی، خۆی وەکوو زانستێکی کۆمەڵایەتی جیهانی[٧] کە توانای شیکردنەوەی هەموو ئاکارێکی مرۆڤی هەیە، پێناسە بکا. چڕبوونەوەی نیولیبڕالیزم لەسەر تاك بە مانای بەناپێویست زانینی چەمکگەلێك وەکوو"بەرژوەندیی گشتی" و "کۆمەڵ" و سڕینەوەی ئەوان لە

---

[2] Privatization خصوصی‌سازی

[3] Regulation

[4] Individuality

[5] Gap

[٦] مەبەست لە عەقڵانییەتی ئابووری(Economic Rationality) هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئەوپەڕی بەرژوەندیی مادی تاک لە چوارچێوەی بایەخدان بە دابینکردنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەریی زۆرتر بۆ بەکارهێنەر و سوود و قازانجی زۆرتر بۆ بەرهەمهێنەرە.

[7] Global

بیر و دەروونی کۆمەڵگە و یاسا دەوڵەتییەکانە. جێگای سەرسووڕمان نییە کە نیولیبڕاڵەکان خەڵك بە هۆی بێکاری و نابەرامبەری و هەژارییەوە سەرکۆنە دەکەن نەك سیستمی پێکهێنەر و سیاسەتەکانی نیولیبڕالی و پارێزکارانەی دەستەڵاتدارەکان.

بە پێچەوانەی بۆچوونی دوکترینی نیولیبڕاڵ کە باس لە سڕینەوەی ئایدیۆلۆژی لە ژیانی مرۆڤایەتی دەکەن، جیهان شایەدی داسەپاندنی بیروهزری نیولیبڕالی لە قۆناغی نوێی بەجیهانی بوونی سەرمایەداری واتە سەرهەڵدانی "ئابووریی جیهانی" و یەکپارچەکردنی ئایدیۆلۆژیی لە تەواوی بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری، هەروەها کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و نیزامی مرۆڤە. ئازادیی بازاڕ و ئاڵوگۆڕی[8] بنەمای فیکری و کرداریی ئەم ئابوورییە جیهانییەیە. لەم پێناوەدا پێویستە دەروازەی تەواوی وڵاتەکان بێ هیچ مەرجێك بۆ کەلوپەلی شیرکەتە بان نەتەوەییەکان بکرێتەوە و هیچ ئاستەنگییەك لە بەرامبەر هاوردەکردنی ئەواندا نەبێ. بەم پێیە "شەڕ"ێکی ڕاستەقینەی ئابووری بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپێنراوە.

بەجیهانی بوونی ئاڵوگۆڕ بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی میزانی نابەرامبەری لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا. بەپێی ڕاگەیاندنی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گەشەکردن، وڵاتە هەژارەکان هەژارتر دەبن و هیچ پێوەندییەك لە نێوان پێداویستی و سەرمایەنانەوەدا نییە. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٥ی زایینیدا ئاستی سەرمایەنانەوەی ڕاستەوخۆ لە ئەفریقایەك کە تەنانەت ژێرپێکهاتەیەکی جیدیشی لە هەموو ئاستەکاندا نییە، پتر لە سەدا ٢٧ دابەزیوە. ئەم سەرمایەنانەوەیە بەرامبەر بە ١.٢ میلیارد دۆلار واتە سەدا ٣ی تەواوی سەرمایەنانەوەی جیهانە. بەپێی ئامارێك کە لە لایەن خانمی"بیئاتریس مارە" نوێنەری پێشووی پەرلەمانی فەڕانسە لە کۆبوونەوەی "سیاتێلی ئەمریکا"، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ و ١٩٩٧دا، میزانی چوونەسەرەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ١٧ کەڕەت و قەبارەی بەرهەمهێنان تەنیا ٦ جار بووە. بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەی لێکدانەوەکانی داهاتوو و ئاگاداریی نێونەتەوەیی(CEPIT) لە پێوەندی لەگەڵ تیۆری ئازادکردنی ئاڵوگۆڕ، "لە ساڵانی ١٩٩٥ – ١٩٨٠دا، نرخی نێونجی گەشەسەندنی ساڵانەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندنی ئەندامی "گات[9]، لە ساڵی ١٩٨٦ بە زەحمەت زۆرتر لە نرخی گەشەسەندنی ئەو وڵاتانە بوو کە لەو ڕێکەوتەدا ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە نەبوون(٢.٢٪ لە بەرامبەر ٢.١٪).

نیولیبرالیزم لە ئەزموونی زەمەندا

مێژووی سەرهەڵدانی نیولیبڕالیزم وەك ئایدیۆلۆژییەك دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵەکانی دەیەی ١٩٣٠، کاتێك لە پاریس، دەستەیەك لە ڕووناکبیرە لیبڕاڵەکان لە ساڵی ١٩٣٨دا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی مەترسییەکانی تەواوییەتخوازیی "حیزبی نازی ئاڵمان" و بەرنامەداڕشتنی کۆخوازانەی ئابووریی دەوڵەتی کینزی[10] ئینگلیس و سیاسەتی نوێی ئەمریکا واتە "نیوودیل"[11]ی فڕانکلین ڕۆزوێلت لێك بدەنەوە. ئاکامی ئەم کۆبوونەوەیە

---

[8] Exchange مبادله

[9] گات کورتکراوەی "General Agreement on Tariffs and Trade" واتە ڕێککەوتنامەی گشتیی تاریفە و بازرگانییە. ئەم بەڵگەنامەیە بریتییە لە ٣٨ مادە و ٤ بەش کە لە ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٤٧ لە نێوان ٢٢ وڵاتی پێشکەوتوو و سەنعەتی لە شاری ژنێڤی سویس واژۆ کراوە. لە ساڵی ١٩٩٤ واتە کۆتایی ژیانی ئەم ڕێککەوتنامەیە، ژمارەی ئەندامەکانی گەیشتە ١٢٣ وڵات. بەگشتی گات ڕێککەوتنێک بۆ دابەزاندنی تاریفەی گومرکی، لابردنی ئاستەنگی و بەربەستەکانی بازرگانیی ئازاد بوو و ئێستا وەکوو ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی بوونی نییە و جێگای خۆی بە ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی داوە.

[10] Keynesian Economics

ئەم بیرۆکەیە سەرچاوەی لە بۆچوونەکانی مینارد کینز ئابووریناسی بریتانیایی گرتووە و بەپێی ئەم بیرۆکەیە دەوڵەت بە بەڕێوەبردنی کۆیەک لە خدمەگوزاریی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی ئابووری هەوڵدەدات پێشگیریی سەرهەڵدانی قەیرانی دەورەیی سەرمایەداری بکا.

[11] New Deal

داهێنانی چەمکی نیولیبڕالیزم و گەلاڵەکردنی بیرۆکەیەك بوو کە "گرنگی دەوڵەت وەکوو پارێزەری بازاڕی ئازادی لە پێوەندی لەگەڵ مسۆگەرکردنی ڕەوتی بەڕێوەبەری قانوون دەدیت".

بەشێك لە هۆیەکانی پێکهاتنی نیولیبڕالیزم پێوەندی بە ڕێبازی ئابووری ئوتریش (نەمسا)وە هەیە. بەپێی ئەم ڕێبازە" لابردنی هەر چەشنە نفووز و کۆنترۆڵێکی دەوڵەت بۆ دەرخستنی پارە و لە ڕاستیدا سەرجەمی بەشەکانی سیستمی ئابووری، تەنیا ڕێگای گەیشتن بە بازاڕێکی ڕاستەقینەی ئازادە". لەو کاتەدا ئابووری، ڕاستەوخۆ گرێدراوی دوو بۆچوونی لودویگ فۆن میزس(١٨٨١-١٩٧٣) و فردریش فۆن هایك (١٨٩٩-١٩٩٢) بوو، کە بە هۆی دارشتنی چوارچێوەی سەرەتایی ئایدیۆلۆژیی نیولیبڕاڵەکان وەك باوکی نیولیبڕالیزم پێناسە دەکرێن. لە ڕوانگەی فۆن میزس – ەوە *"خۆویستیی قانوون بنەمای کۆمەڵگەیە"* و بۆ هایکیش *"ئازادیی بازاڕ سەرتر لە ئازادییەکانی دێموکراتیکە و تەنیا کاپیتالیزم توانای مسۆگەرکردنی دێموکراسی هەیە".*

شەڕی دووهەمی جیهانی و کۆچکردنی ئابووری ناسەکانی ئوتریشی وەك فۆن میزس، فریتز مەکلاپ و مایکەڵ پۆلانی، بوو بە هۆی پەرەسەندنی بیری نیولیبڕالی لە تەواوی جیهان. پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ڕێکخراوە و ڕێبازە نیولیبڕالییەکان وەکوو ئەنجوومەنی مۆنت پێلرین[١٢] پێکهات، ئەم ڕێکخراوەیە لقە جۆراوجۆرەکانی نیولیبڕالی وەکوو کۆچەرە ئوتریشییەکان، ڕووناکبیرە بریتانیاییەکانی ڕێبازی ئابووریی لەندەن و زانستگەی مەنچستر، ئەمریکاییەکانی ڕێبازی شیکاگۆ، هەروەها میلتن فریدمن و ئاڵمانییەکانی ڕێبازی فرایبورگی لە دەوری یەك کۆکردەوە.

درەنگتر، ڕێکخراوەکانی ژووری بیروهزری نیولیبڕالیزم وەك ئەنستیتۆی کاروباری ئابووری[١٣] لە ساڵی ١٩٥٥ لە بریتانیا و ناوەندی کەلەپوور[١٤] لە ساڵی ١٩٧٣ لە ئەمریکا دامەزران. ئەم ناوەندانە دژ بە سیاسەتی کینزی و دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری بازاڕ بوون. داکەوتنی سیستمی برێتۆن وودز[١٥] لەساڵی ١٩٧١ کە هاوکات لەگەڵ ڕاگرتنی قابلییەتی گۆڕانی دۆلار بە دراو لە ئەمریکا بوو، دەرفەتێکی باشی بۆ بردنە پێشەوەی پرۆژە سیاسییەکانی نیولیبڕالی وەکوو "بەهرەبەری، کەمترین ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت و بازاڕە ئازادەکان" پێکهێنا.

پرۆژەی نیولیبڕالیزم لە ڕاستیدا لە لایەن کۆی چینی سەرمایەدارەوە بۆ بووژاندنەوەی هێزی چینایەتی و بەرهەڵستکردنی هێزی چینی کرێکار هاتە بەرهەم و هەوڵی ویشککردنی نەمامی لە حاڵی گەشەسەندنی کۆمۆنیزمی دەدا. هێزەکانی چەپ لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی زایینی سەدەی ڕابردوو، هاوکات لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە توانیان بەشێکی بەرچاو لە ویستەکانیان وەکوو "بەرگری لە ژینگە، ئاسایش و سلامەتی پیشەیی، پاراستنی مافی بەکارهێنەر و گەلێك شتی دیکە بەسەر سەرمایەدارەکاندا

---

بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی فرانکلین ڕۆزوێلت پاش مەندیی گەورەی ئابووریی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٩ بۆ باشترکردنی وەزعییەتی ئەم وڵاتە.

[12] Mont Pelerin Society

[13] Institute of Economic Affairs

[14] The Heritage Foundation

[15] Bretton Woods system

لە ساڵی ١٩٤٤ نوێنەرانی ئەمریکا، بریتانیا و ٤٤ وڵاتی دیکە لە کۆبوونەوەیەک لە برتن وودز لە نیوهەمشایر کۆبوونەوە هەتا لە مەڕ سیستمی پارەی نێونەتەوەیی پاش شەڕی جیهانی دووهەم قسە بکەن و بە بڕیاری هاوبەش بدەن. ئەم کۆبوونەوەیە بووە هۆی پێکهاتنی دوو ڕێکخراوەی جیهانی وەکوو سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و بانکی جیهانی.

بسەپێنن، ئامانجی تەواوی ئەم بزووتنەوە و خەباتانە بە هێزترکردنی چینی کرێکار بوو. چینی دەستەڵاتداریش لەم بارودۆخە مەترسیدار و هەستیارەدا بۆ بەرهەڵستکردنی هێزی چینی کرێکار کەلکی لە بیرۆکەی نیولیبرالی وەرگرت. ئەم پرۆژەیە لە زۆربەی بوارەکاندا پرۆژەیەکی دژ بە شۆرش و سەرکوتکەری بزووتنەوەکانی شۆرشگێرانە لە وڵاتەکانی لە حاڵی گەشەسەندن وەك موزامبیك، ئانگۆلا و هتد بوو. تەنانەت دەستەیەك لە ئابووری ناسەکانی شیلیا، بارهاتوو لە ژێر سەرپەرستی میلتن فریدمەن لە زانستگەی شیکاگۆ، پاش ساڵانی ١٩٧٣ یارمەتیدەری دیکتاتۆرێك وەك ئاگۆستیو پینۆشە، بەپێی بیروهزری ئابووری ئازاد بۆ خۆجێیی کردنی ئابووری لە شیلیا بوون.
لە دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوو، بەشێك لە سیاسەتوانانی ڕاست وەکوو مارگرێت تاچێر لە بریتانیا و ڕۆناڵد ڕێگان لە ئامریکا- پارێزەرانی پرۆژەی ئابووری نیولیبراڵەکان بوون. تەنانەت دنگ شیائۆپینگ ڕێبەری کۆماریی گەلی چین لە ساڵی ١٩٧٨ هەنگاوگەلێکی گرینگی بۆ ئازادکردنی ئابووری، بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێساکانی کۆمۆنیستی لە چین هەڵگرت. پاش ئەوەی کە تاچێر و ڕێگان بە دەستەڵات گەیشتن ڕەوتی دابەزینی بەرچاوی باجی دەوڵەمەندەکان، سەرکوتی یەکیەتیی کرێکاران، لابردنی ڕێساکان، و ڕکەبەری لە خزمەتگوزاری گشتی دەستی پێکرد. خۆییکردنی خزمەتگوزارییەکانی گشتی وەکوو وزە، ئاو، قەتار، ساغیەتی و سلامەت، بارهێنان، ڕێگا و بان، هەروەها بەندیخانەکان یان بە وتەیەکی دیکە، ئەسپاردنی ئەوان بە بازاڕ، ئەم دەرفەتەی بە بنگەکان دا هەتا بنکەکانی وەرگرتنی باج وەڕێ بخەن. سیاسەتە نیولیبرالییەکان لە ڕێگای سەندووقی نێونەتەوەیی پارە، بانگی جیهانی، پەیمانی ماستریخت[16] و سازمانی بازرگانی جیهانییەوە، نارەزاییەکی زیاتری لەنێو بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی جیهان پێك هێنا. سەرنجڕاکێش، قبوڵ و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی نیولیبرالی لە لایەن حیزبگەلێك وەکوو کرێکار و دێموکراتەوە بوو کە سەردەمێك خۆیان لە بەرەی چەپدا دەدیتەوە.
لە کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەم سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە بریتانیا، بوو بە هۆی ئاوسانی[17] ئابووری، دابەزینی بودجەی دەوڵەت و بەرزبوونەوەی خەرجومەخارجی دەوڵەتی خۆشبژیوی کرێکار، هەروەها بێکاری بەرفراوان و مانگرتنی کرێکاری و پەنابردنی دەوڵەتی حیزبی کرێکاری ئینگلیس بۆ سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و وەرگرتنی قەرز لە ساڵەکانی ٧٦-١٩٧٥. لەم پێوەندییەدا دوو بەربژار بەرەوڕووی حیزبی کرێکار بووەوە: قوربانی کردنی بەرژوەندیی دارایی دەوڵەتی بریتانیا واتە چاوپۆشی لە "لیرەی بە هێزی ستێرلینگ" لە جیهانی سەرمایەداریی ماڵی، یاخود مل دانەواندن بۆ شەرت و مەرجەکانی سیاسەتی ڕەنج و سەختیی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە، واتە دابەزاندنی بودجە و خەرجومەخارجی خۆشبژیوی. حیزبی کرێکاریی بریتانیا بە هەڵبژاردنی خاڵی دووهەم لە کردەوەدا دژ بە بەرژوەندیی مادی پارێزەرانی نەریتی خۆی جووڵایەوە. ئەم سیاسەتە نارەزایەتی و کشانەوەی لایەنگرانی دێرینەی حیزبی کرێکار و لە ئاکامدا شکستی ئەوان لە ڕیفراندۆمی ١٩٧٩ و سەرکەوتنی مارگرێت تاچێری لێ کەوتەوە.
تاچێر وەك نوێنەری نیولیبرالیزم هەموو هەوڵی خۆی تەرخانی لەنێوبردن و پاککردنەوەی تەواوی شوێنەوار و نیشانەکانی حکوومەتی ڕابردوو و جێگیرکردنی نیولیبرالیزم کرد و لە ماوەی دە ساڵدا بریتانیای کردە

---

[16] Maastricht Treaty

پەیمانی واژۆکراو لە ساڵی ١٩٩٢ لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵی ئوروپا کە بنچینەی پێکهاتنی یەکیەتیی ئوروپا بوو.

[17] Inflation تورم

وڵاتێك بە داهاتی تا ڕادەیەك كەم و هێزێكی كرێكاری دەستەمۆ (بە بەراورد لەگەڵ بەشەكانی دیكەی ئوڕووپا). تاچێر بە كردنەوەی درگا بۆ سەرمایەنانەوەی بیانی، بەرگری نەكردن لە بەرژوەندیی پیشەسازیی خۆماڵی و ڕێدان بە ڕكەبەری و سەرمایەنانەوە لە پیشەسازیی بریتانیا، نەك هەوڵی بۆ دابەزاندن و لاوازكردنی زۆرتری یەكیەتییەكانی كرێكاری دا، بەڵكوو لە ماوەی چەند ساڵدا بەشێكی بەرچاوی سەنعەتی نەریتی بریتانیای وەكوو پیشەسازیی پۆڵای شێفلد، كەشتیسازیی گلاسكۆ و سەنعەتی خۆماڵیی ماشێنسازی، لەنێو برد و بریتانیای كردە گۆڕەپانی چالاكی شیركەتە ژاپۆنییەكان كە هەوڵیان دەدا دەستیان بە بازاڕەكانی ئوڕووپا بگات. ئەم شیركەتانە كەلكیان لە كرێكارانی دەرەوەی یەكیەتیی كرێكاران وەردەگرت كە ملیان بە شێوەی كاری ژاپۆنی دابوو.

بریتانیا یەكێك لەو وڵاتانەیە كە خاوەنی كۆنترین حیزب و یەكیەتیی كرێكاران، هەروەها دەوڵەتی خۆشبژیوی ئوڕووپایی بووە، هەروەها پاش شەڕی دووهەمی جیهانی هەتا پێش دەیەی ١٩٦٠ نموونەیەكی باش لە دەسەڵاتی كرێكاری لە ئوڕووپا بوو و، لە نێوان ساڵانی دوو شەڕی جیهانیدا لە سەدا ٧٠ی ڕێژەی دانیشتووانی چالاكی ئابووریی بریتانیا كرێكارانی جەستەیی پیشەسازی، كانزایی و بیناسازی بوون. لە هیچكام لە وڵاتە ئوڕووپاییەكاندا ئەم ڕێژەیە تەنانەت نەدەگەیشتە سەدا ٥٠ و لە ئەمریكا سەدا ٤٠یش.

وێدەچێ هۆی بەشێك لە دابەزینی گرنگی چینی كرێكار لە كۆتایی دەیەی ١٩٨٠ لە سەردەمی تاچێردا، پێوەندی بە داكەوتنی ژمارەی ئەوان لە نێوان دانیشتووانی بریتانیا بووبێ. بریتانیا لە درێژایی چەند دەیەدا لە كۆمەڵگەیەكەوە كە زۆرترین ژماری چینی كرێكاری هەبوو، بوو بە كۆمەڵگەیەك كە ڕادەی پرۆڵتاریای بە بەراورد لەگەڵ سوید، ئاڵمان، فەڕانسە و ژاپۆن گەیشتە ئاستێكی نزمتر. مارگارێت تاچێر لە ڕێگەی خۆیی كردنەوە، هەوڵی خۆی بۆ تێكشكاندنی هێزی یەكیەتیی كرێكاران دا. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ و ١٩٩٤دا، ڕێژەی كار لە بەشی دەوڵەتیی بریتانیا لە ٧ میلیۆنەوە بۆ ٥ میلیۆن دابەزی.

بۆ تاچێرێك كە باوەڕی بە بوونی دیاردەیەك بە ناوی كۆمەڵ نەبوو و تەنیا ژن و پیاوی جیاجیای دەدیت، شووراكانی شار[ كە بەپێی ئامانجی سۆسیالیزمی شاری بەڕێوە دەچوون]، بەربەستێك لە سەر ڕێگای سیاسەتەكانی نیولیبڕالی ئەو بوون. بەم پێیە، بە كەمكردنەوەی بودجە و چاكسازی لە كار و باری دارایی شارەوانییەكان و شووڕای شار، هەروەها دانانیماڵیاتی سەرانەی كۆنەپارێزانە لەجێی باجی مڵك و ماڵ، دەستی بە سەركوتكردنی شووراكان كرد. خۆیی كردنی بەشەكانی ئابووری و پیشەسازی وەكوو پیشەسازیی هەوا – كەشی "فەزایی"، دەزگای هەوالگری(موخابەرات)، ڕێگای هەوایی بریتانیا، پیشەسازیی پۆلا، كارەبا، گاز، نەوت، خەڵووز، ئاو، پاسی ناو شار، هێڵی ئاسن و گەلێك شیركەتە بچووكە دەوڵەتییەكان، هەروەها قازانجی زۆری زەوییە ئازادكراوەكان بوو بە هۆی پڕبوونی خەزێنەی دەوڵەتی تاچێر.

سیاسەتەكانی نیولیبڕالی بەگشتی، زۆرتر بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی نابەرامبەریی كۆمەڵایەتی هەتا گەشەسەندنی ئابووری و كارامەیی. بۆ وێنە بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕۆژنامەی ئیندیپێندنتی بریتانیا، بەرهەمی ٤٥ ساڵ نیولیبڕالیزم لە بریتانیا بریتی لە هەژارییەكی بەربڵاوە لە نێوان منداڵانی بریتانیا تا ئەو ڕادەیەی كە نزیكەی سەدا ٤٥ی منداڵان لە لەندەن، بیرمەنگام و مەنچستر ژیانێكی هەژارانەیان هەیە، هەروەها ١٤ میلیۆن كەس لە بریتانیا تووشی هەژاری بوون كە بەرامبەر بە یەك لە پێنجی ڕێژەی دانیشتوانی ئەم وڵاتەیە.

نموونەیەكی دیكەی نیولیبڕالیزم، سیاسەتەكانی دەوڵەتی ڕێگانە. ڕێگان لە ساڵی ١٩٨٠ وەكوو نوێنەری حیزبی كۆماریخواز و نیولیبڕاڵەكان بوو بە سەرۆك كۆماری ئەمریكا. ڕێگان سیاسەتەكانی نیولیبڕالی بە

بیانووی خەبات لەگەڵ ئاوسانی ئابووری لە هەموو ئەمریکادا بەڕێوە برد کە بریتی بوون لە: دابەزاندنی پانتایی و نێوەرۆکی چاودێری و کۆنترۆڵی دەوڵەتی فیدڕاڵ لەسەر گشت چالاکییە پیشەسازییەکان، چۆنییەتی شوێنی کار، چاودێری پزیشکی، پاراستنی مافی بەکارهێنەر و کەمکردنی بودجە، هەروەها لابردنی ڕێساکانی پێوەندیدار بە لایەنە داراییەکان، سەرمایەنانەوە و پێداچوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ دیاریکردنی باج [ئەم دەرفەتەی بە زۆربەی شیرکەتەکانی سەرمایەنانەوە دا هەتا هیچ باجێك نەدەن]، هەروەها ڕادەستکردنی بێ بەند و بەستی داراییەکانی گشتی بە بەشی خۆیی. ڕێگان بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتی نیولیبڕالی پێویست بوو چۆك بە یەکیەتیی کرێکاران دادات. ڕێگان لە ڕێگای ورووژاندنی یەکیەتیی کارگێڕانی کۆنترۆڵی هەوایی بۆ مانگرتن و پاشان تۆڵەلێسەندنەوە لە ساڵی ١٩٨١ لە لایەکەوە، هەروەها گواستنەوەی چالاکییە پیشەییەکانی خاوەن یەکیەتی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ناوەندی بۆ ئەیالەتەکانی باشووری ئەمریکا کە خاوەنی یەکیەتیی کرێکاری نەبوون و بەپێی یاسا پێویست نەبوو کرێکاران ئەندامی ئەم یەکیەتییانە بن، دەستەڵاتی یەکیەتیی کرێکارانی لاواز کرد.

کێوین فیلیپس توێژەری کۆماریخواز و یاریدەدەری پێشووی نیکسۆن سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە کتێبی "سیاسەتی دەوڵەمەند و هەژار - ١٩٩٠" ئاکامەکانی سیاسەتی ڕێگان شی دەکاتەوە. ئەو باس لە چۆنیەتیی گۆڕانکاری بەشینەوەی داهات لە ساڵانی ١٩٧٧ هەتا ١٩٨٨ بەپێی سیاسەتەکانی دوکترینی نیولیبڕاڵ دەکا. لە درێژایی دەیەی ١٩٨٠ مامناوەندی داهاتی لە سەدا ١٠ی بەشی سەرەوەی بنەماڵە ئەمریکاییەکان هەتا سەدا پێنج و، لە سەدا پێنجیان هەتا سەدا بیستوسێ بەرز بۆتەوە، بەڵام ئەم ڕادەیە لە سەدا یەکی هەرە خۆش شانسەکەیان بەهۆی سیاسەتەکانی ڕێگانەوە هەتا سەدا ٥٠ چۆتە سەرێ و داهاتی ئەوان لە ٢٧٠ هەزار دۆلار گەیشتۆتە ٤٠٥ هەزار دۆلار. بەڵام ئەمریکاییە هەژارەکان، واتە لە سەدا ٨٠ی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگە، هەر کام بە چەشنێك شتێکیان لەدەست داوە و، ئەوانەی کە پاژێك لە هەرە خوارترین بەشی کۆمەڵگە بوون زۆرترینیان لەدەست دا و داهاتی لە سەدا ١٠ی بەشی خوارەوەی ئەمریکا بە نزمترین ئاستی خۆی گەیشت. بەپێی لێکدانەوەکانی فیلیپس (پێشتر)، ئەوان لە سەدا ١٥ی نزمە داهاتی خۆیان لەدەست دا؛ واتە خوارترین ئاستی داهاتی ساڵانەیان کە ٤.١١٣ دۆلار بوو گەیشتە ٣.٥٠٤ دۆلار . لە ساڵی ١٩٧٧، لە سەدا یەکی بەشی سەرەوەی بنەماڵە ئەمریکاییەکان مامناوەندی داهاتیان ٦٥ جار زۆرتر لەسەدا ١٠ی بەشی خوارەوەی بنەماڵە ئەمەریکاییەکان بووە.

بەپێی ڕاگەیاندنی ئیدارەی سەرژمێریی ئەمریکا سەبارەت بە میزانی هەژاری (ساڵی١٩٩٣)، جیاوازی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکان زۆرتر بووە. لە ساڵی ١٩٩٢ ٣٦.٩ میلیۆن کەس هەژار و دەست بەتاڵ بوون، ئەم ڕێژەیە ١.٢ میلیۆن لە ئاماری ساڵی ١٩٩١ و ٥.٤ میلیۆن لە ئاماری ١٩٨٩ بەرزتر بوونەتەوە. پتر لە سەدا ٤٠ی دەست تەنگەکانی ئەم وڵاتە منداڵەکان بوون. نرخی هەژاری لە نێو ئافریقاییە ئامریکاییەکان پتر لە، لە سەدا ٣٣ و لە نێو سپانیاییەکاندا ٢٩.٣ بووە. نیزیکەی سەدا ١١.٦ لە تەواوی سپی پێستەکان لە هەژاری و دەست تەنگیدا دەژین. ڕێژەی بێ ماڵوحاڵەکان لە ساڵی ١٩٩١ دا لە ئەمریکا ٦٠٠ هەزار کەس بووە و لەم ڕێژەیە نەوەد هەزار کەسیان منداڵ بوون.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا نابەرامبەریی داهات و سامان و سەروەت گەلێك بەرز بۆتەوە، بۆ وێنە لە ساڵی ٢٠١١ شەش میراتبەری ئیمپڕاتۆری والمارت خاوەنی نزیکەی ٧٠ میلیارد دۆلار بوون کە بەرامبەرە لەگەڵ سەدا ٣٠ی سامان و سەروەتی خوارترین بەشی کۆمەڵگەی ئەمریکایی. لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا گەشەیەك لە

خۆشبژیویی باوی ئەمریکایی نەدیتراوە و داهاتی لەسەدا یەکی بەشی سەرەوەی دانیشتووانی ئەمریکا لە ماوەی ٤٠ حەوتوودا زۆرتر لە داهاتی یەك لە پێنجی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگە لە ساڵێك دایە. بەپێی ڕاپۆرتی بنکەی سلامەتی گشتیی زانستگەی ئەمریکا لە سەتا ٤٤ی منداڵانی ئەمریکایی ژێر ١٨ ساڵ (سەرەوەی ٣٠ میلیۆن) ژیانێکی هەژارانەیان هەیە. هێنری گۆنزالێس نوێنەری کۆنگرە و سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری بانکی، ماڵی و شاریی کۆنگرە لە وتەیەکیدا ئاماژە دەکا کە "ئێمە کارێکمان کردووە ئەمریکاییەکان لە ولاتی خۆیاندا ماڵ بەکۆڵ بن، ئێمە بنەماڵەگەلێك دەناسین کە لەم ولاتەدا ئاوارەن، بەشێك لەوان لە ماشێن یان لە ژێر پردەکاندا دەخەون و ڕێژەی ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژیش پەرە دەستێنی".

نموونەیەکی دیکە، بەڕێوەبردنی نیولیبڕالیزم لە کۆماریی گەلی چینە. لە چین چاکسازییەکانی نیولیبڕالی بە سەرپەرەستی دەنگ شیاوپینگ توانی لە ماوەی چەند دەیە ئەم ولاتە بکاتە یەکێك لە هێزە گرینگەکانی بازاڕی سەرمایەداری. هەبوونی کرێکاری هەرزان، ڕاکێشانی شیرکەتە بەرهەمهێنەرەکانی تایوانی، ژاپۆنی، کۆریایی و تەنانەت ئەمریکایی بۆ سەرمایەنانەوە لە چین، چاکسازیی خۆیی‌کردن و گۆڕان و سپاردنی بەشێکی بەرچاو لەو شیرکەتە دەوڵەتیانەی کە پێشتر لەسەر بنەمای خاوەنداری هاوبەشایەتی دامەزرابوون، بە شیرکەتە خۆییەکان، بوو بە هۆی گەشەکردنی ئابووریی چین و دەوڵەمەند بوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چین کە بەرپرسی ئەم شیرکەتانە بوون، بەڵام ئەم سیاسەتە هاوکات، بوو بە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕادەی نابەرامبەریی کۆمەلایەتی و جیاوازی لە داهاتی چین و توێژەکانی جۆراوجۆر، سەرهەڵدانی گەندەڵیی ماڵی – سیاسی، هێرشی خەڵکی گوند بۆ شارەکان [سەرەڕای نەبوونی مافی نیشتەجێبوونیان لە شارەکان] و سەرهەڵدانی دیاردەیەکی تازە بە ناوی کرێکاری گەڕۆك و گەشەکردنی کاری حەقدەستی و کۆبوونەوەی سەروەت و سامان لە نێو دەستەیەکی تایبەت، و بەگشتی جەمسەری بوونی کۆمەلایەتی.

چەوساندنەوەی هێزی کار و بە تایبەتی ژنە کرێکارە لادێییە کۆچەرەکان، هەروەها ئاستی گەلێك نزمی حەقدەستی کرێکاران سەرچاوەیەکی دیکەی گردەکۆیی سەروەت و سامان لە چین بوو. بە وتەی پرۆفسۆر دوکتور "بینگ یان لی" سەرۆکی ئەنستیتۆی ئابووریی نانجین و مامۆستای ئەنستیتۆی ئیداریی ئەیالەتی جیانگسۆ و زانستگەی ناوەندی کاروباری ماڵی و ئابووریی شاری پیکەن، دۆخی ژیانی کرێکاران لە دەیەکانی ڕابردوو لەژێر کاریگەری سیاسەتی نیولیبڕالی گەلێك خراپتر بووە. بە بەراوردی قەبارەی سەرمایەنانەوە لە شیرکەتەکانی پلە یەك و دووی ئابووریدا، ئەمڕۆ سەدا ٥٢ی ئابووریی چین لە دەست بەشی خۆیی و سەدا ٤٨ ی لە دەست دەوڵەتدایە. ئابووریی خۆیی لە سەدا ٦٣ی بەرهەمی ناساف (ناخالص)ی نەتەوەیی پێك دێنێ و ئەم ڕێژەیە بەرەو زیادکردن دەچێ. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٥ی بەرنامەی گەشەسەندن و تەواوکاریی ڕێکخراویی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەدا ٥٩ی خاوەنداریەتی، لە دەست سەدا ٢٠ی توێژی سەرەوەی کۆمەڵگەی چینە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە تەنیا لە سەدا ٣ی خاوەندارییەتی بۆ سەدا ٢٠ی توێژی خوارەوەی کۆمەڵگە تەرخان کراوە. ئەم ڕێژەیە لە نێوان ئەواندا ٢١ بە یەکە. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمیسیۆنی بەرنامەی تەواوکاری لە پێوەندی لەگەڵ دابەشکردنی داهات لە چین کە بۆ ئیدارەی ئاماری نەتەوەیی و ئاکادێمی زانستی کۆمەلایەتی ئامادە کراوە لە سەدا ١٠ی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان کە بەرزترین ئاستی داهاتیان هەیە، خاوەنی سەدا ٤٥ی خاوەندارییەتی چینن، ئەمە لە حاڵێکدایە لە سەدا ١٠ی بنەماڵە هەژارەکان خاوەنی ١.٤٪ خاوەندارییەتین و ئەم ڕێژەیە لە نێوان ئەواندا ٣٢ بە یەکە.

سیاسەتەکانی نیولیبڕالی ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پەرەسەندنی ژیانی بەکارهێنەری (مەسرەفی) بووە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا، چین بەکارهێنەریی سەدا ٣٠ ی بەرهەمی خەڵووز، سەدا ٣٦ی پۆڵا و سەدا ٥٥ی سمیتی جیهان بووە و پاش ئەمریکا دووهەمین هاوردەکەری نەوتە. چاکسازییەکانی نیولیبڕالی چین لە کەمتر لە ١٠ ساڵدا بوو بە هۆی شێواندنی نەریتی دووچەرخە (پاسکیل) لێخوڕین و چوونەسەرەوەی میزانی ماشێن لێخوڕین، پیسبوونی لە ڕادەبەدەری ژینگەی چین و گەیاندنی ئەم وڵاتە بە پلەی شازدە لە نێوان بیست وڵاتێك کە پیس ترین هەوای جیهانیان هەیە.

پاش چاکسازییەکانی بازاڕی ئازاد لە چین بە میلیۆن منداڵ بەهۆی هەژاریی داراییەوە بۆ یارمەتیدانی بنەماڵە، خوێندنی مەدرەسەیان بەجێ هێشتووە و ملیان ناوەتە کاری هەرزان. کارخانە گەورەکانی پارچەچنین لە شانگهای، بێ هیچ چەشنە بەربەستێك دەتوانن کار بە منداڵانی ١٢ هەتا ١٥ ساڵ بکەن. لە ساڵانی ٩٢ و ٩٣ دا بە هۆی دابەزینی حەقدەست و ناڕەزایەتی کرێکاران، منداڵان جێگای ئەوانیان پڕ کردۆتەوە.

## سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووری[18]

بۆ جیهانی کردنی ئاڵوگۆڕ پێویست بە گۆڕانی بنەڕەتی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکانە. بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەی هاوتەرازکردنی پێکهاتەیی[19] لە ژێر چاودێری بانکی جیهانی و سەندووقی نێونەتەوەیی پارە بوو بە هۆی داسەپاندنی ڕێسایەکی سەخت و توند، هەروەها مەندی[20] و وێرانی ئەو وڵاتانەی کە ملیان بەم سیاسەتە دا. سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووری بوو بە هۆی زۆرکردنی مەودای چینایەتی، گەندەڵیی ئابووری و لاوازکردنی بەرپرسایەتیی سیاسی.

کورتە لێکدانەوەی کاری سەندووقی نێونەتەوەیی پارە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو پیشاندەری پانتایی سەرنەکەوتن و بنبەستی تیۆری بە جیهانی بوونی ئاڵوگۆڕی ئازاد و بەرنامەی گەشەسەندن لەسەر بنەمای هەنارەدەکردنە. سەندووقی نێونەتەوەیی پارە لە ساڵی ١٩٨٧ لە ڕێگای قەرزدانەوە دەستی بە وەڕێخستنی بەرنامەی هاوتەرزاکردنی پێکهاتەیی کرد. سەندووقی نێونەتەوەیی پارە بە ئەزمونی ئەم ساڵانە نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بهێنێ و ببێتە هۆی گەشەسەندنی ئەو وڵاتانە یان باشترە بگوترێ ئەو پەرەسەندنە؛ گەلێك نابەرامبەر بوو. بەپێی پێوەرە ئابوورییەکان، سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووری لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا بوو بە هۆی هەژاری، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، دابەزینی ئاستی گەشەسەندنی ئابووری، چوونە سەرەوەی لاسەنگیی بازرگانی و قەرزداری و بەستراوەیی بە وڵاتانی بیانی. بۆ وێنە لە ئەفریقا ڕێژەی هەژاری لە ٢٧٠ میلیۆن لە ساڵی ١٩٨٦ گەیشتە ٣٣٥ میلیۆن لە ساڵی ١٩٩٠، لە ئەمریکای لاتین ڕێژەی خەڵکی فەقیر لە سەدا ٤١ی ساڵی ١٩٨٠ هەتا سەدا ٦٢ی ساڵی ١٩٩٢ زیادی کرد.

لە وڵاتە ئاسیاییەکان ڕێژەی ئەو کەسانەی وا لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین زیادی کردووە، ئەم ڕێژەیە لە ئەندۆنێزیا ٣٩٪، لە مالێزیا ٢٧٪، لە فیلیپین ٥٨٪، لە کۆریای باشوور ١٦٪ و لە تایلەند سەدا ٣٠یە. چوونەسەرەوەی ڕێژەی بێکاری و دابەزینی حەقدەست بۆتە هۆی خراپتر بوونی ئاستی هەژاری. لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین لە نێوان ساڵانی ٩١-١٩٨٠دا، ئاستی دابەزینی نرخی مامناوەندی داهاتی ساڵانەی هێزی کار

---

[18] Economic adjustment تعدیل اقتصادی

[19] Structural adjustment تعدیل ساختاری

[20] Stagnation رکود

به بەراورد لەگەڵ ساڵانی ٨٠-١٩٧٠ گەلێك بەرزبۆتەوە. ڕێژەی بێکاری لە ئارژانتین لە ٥.٣٪ لە ساڵی ١٩٨٥ گەیشتۆتە ٧.٣٪ لە ساڵی ١٩٨٩دا، لە بۆلیوی لە ١٨٪ لە ساڵی ١٩٨٥ بە ١٩٪ ی ساڵی ١٩٩٠، لە برزیل لە سەدا ٣.٤٪ ی ساڵی ١٩٨٥ بە ٧.٣٪ ی ساڵی ١٩٩٠ و لە نیکاراگوئە لە ٣.٢٪ ی ساڵی ١٩٨٥ بە ١٤٪ ی ساڵی ١٩٩١ گەیشت و هتد...

بە گشتی بەڕێوەبردنی سیاسەتی هاوتەرازکردن، کاریگەرییەکی گەلێك نەرێنی و تێکدەری لەسەر ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا بووە. لە نێوان ساڵانی ٩١-١٩٨٠ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ٨٠-١٩٦٥ مامناوەندی نرخی گەشەسەندنی ساڵانەی بەرهەمهێنانی ناسافی نێوخۆیی[21] لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا گەلێك دابەزیوە، تەنانەت وڵاتە سەرکەوتووەکانی ئاسیایی وەکوو کۆریای باشوور، تایوان، سەنگاپوور، هۆنگ کۆنگ، تایلەند، ئەندۆنێزیا، مالێزیا و فیلیپین سەرەڕای ئەوەی خاوەنی بەرزە نرخی گەشەسەندن بوون، تووشی دابەزینی ڕەوتی گەشەسەندنی ئابووری بوون، ئەم بارودۆخە لە ئەفریقا گەلێك دڵتەزێنترە. مامناوەند نرخی گەشەسەندنی ساڵانەی بەرهەمهێنانی ناسافی نێوخۆیی لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٧٠دا، لە ١.٢٪ گەیشتبووە ٢.٤٪، بەڵام لە ساڵانی ١٩٩٣-١٩٩٠ هەتا ١.٣٪ دابەزی. ئەم نرخە لە ئەمریکای لاتین بێجگە لە شیلیا لە کەمی دا. وەزعییەتی قەرز و بەستراوەیی بە وڵاتە بیانییەکانیش پاش دەستپێکی سیاسەتی هاوتەرازیی ئابووری لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا گەلێك خراپتر بوو، بۆ وێنە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ هەتا ١٩٩٣ ڕێژەی قەرزەکانی ئەندۆنێزیا لە ٢.٩٤ ملیاردەوە گەیشتە ٥٣.٨٩ ملیارد، لە تایلەند لە ٨.٢٩وە بوو بە ٤٨.٥١ ملیارد و لە هێندستان لە ٢٠.٥٨وە گەیشتە ٧٨.٩١ ملیارد.

ئێرانیش یەکێك لەو وڵاتانەیە کە لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی بەهۆی هەرەسهێنانی ئۆتۆپیای ئابووری ئیسلامی، خەرجومەخارجی ماڵی شەڕ لەگەڵ عێراق، بایکۆتی ئابووریی نێونەتەوەیی و دابەزینێکی بەرچاو لە بازاڕی جیهانی نەوت، پاش وازهێنان لە خەیاڵی دامەزراندنی دەسەڵاتی "مستضعفین" و قبووڵی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆتایی بە شەڕ لەگەڵ عێراق هێنا. پاش شەڕ، دەوڵەتی ئێران هەوڵی خۆی بۆ ڕاکێشانی سەرمایە بیانییەکان دا و بە تایبەتی لە ساڵی ١٣٦٩ی هەتاویدا پێشوازییەکی گەرموگوڕی لە لێژنەی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە – بانکی جیهانی کرد کە بۆ یەکەم جار پاش شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی سەردانی ئێرانیان دەکرد. ڕاپۆرتی ئەم سەردانە لە ٣٠ی ژوئیەی ١٩٩٠ لە IMF Survey لە ژێر ئەم سەردێڕە بڵاو کرایەوە: "کۆماری ئیسلامی ئێران بە شوێن گۆڕانکاریی بنەڕەتی و پێکهاتەییەوەیە". لەم ڕاپۆرتەدا باس لە ویستی دەستەڵاتدارانی ئێرانی بۆ هاوتەرازکردنی تەواوی بوارەکانی گەورە ئابووری ئەم وڵاتە، پێکهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ بەهێزتر کردنی بەشی خۆیی و لابردنی پەیتاپەیتای کۆتوبەندەکانی ئابووری دەکرێ.

لەم پێناوەدا، لە نێوەڕاستەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران داوانامەیەکیان بە نهێنی بۆ ڕێکخراوەی بازرگانیی جیهانی نارد (وەرگیراو لە ڕۆژنامەی شەرق ٤.٦.٨٣) و لە کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا حکوومەتی ئێران هەوڵی دا، بە بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی هاوتەرازکردنی پێکهاتەیی، لۆژیکی بازاڕ بەسەر کۆمەڵگەدا زۆرتر داسەپێنێ و بە دیرهاتێکی ١٠ ساڵە پەیوەست بە ئەو وڵاتانە بێ کە ملیان بە شەرت و مەرجەکانی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و بانکی جیهانی دابوو، ئەویش لە حاڵێکدا کە

---

[21] Gross domestic product (GDP)

بەپێی لێکدانەوەی فەرشاد مۆمنی لە کتێبی "ئابووریی سیاسیی گەشەسەندن[٢٢] لە ئێرانی ئەمڕۆ -١٣٩٤" قەرزی ئێران بە وڵاتە بیانییەکان نیزیك بە سفر بوو"، بەڵام پاش بەکارهێنانی ئەم سیاسەتە میزانی قەرز بە وڵاتە بیانییەکان لەساڵی ١٣٧٤ بە ٣٤ میلیارد دۆلار و ئاستی ئاوسان هەتا سەدا ٤٩،٥ بەرز بۆوە، ڕێژەی هاوردەکردنیش سنووری ٢٢،٥ میلیاردی لەو ساڵە تێپەڕاند. ڕێژەی هاوردەکردن لە ساڵی ١٣٩٣ گەیشتە ٥٣.٥ میلیارد دۆلار.

ئەزموونی ئەم چەند دەیەیە پیشاندەری ناسەقامگیریی پارێزراوی پیشەیی، دابەزینی حەقدەستەکان و چۆنییەتی خزمەتگوزاریی بێهداشتی لەگەڵ چووونەسەرەوەی خەرجومەخارجی سەرسووڕهێنەر، دابەزینی چۆنییەتی بارهێنان لەگەڵ خەرجێکی زۆر بۆ بنەماڵەکان و زۆربوونی جیاوازیی چینایەتی، هەروەها زاڵبوونی مافیای سەرمایەداریی بورۆکراتیك و بازرگانیی گەورە و سپای پاسداران و هێزە نیزامییەکان لە سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە بە هۆی سیاسەتە نیولیبڕالییەکانی ئێران و خۆیی کردن واتە شیرکەتی کردنی بەشی خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتی، ئازادسازیی نرخەکان بە بیانووی ئامانجدارکردنی یارانەکانە. سیاسەتەکانی نیولیبرالی و هاوتەرازکردنی ئابووری سەرەڕای داهاتی ٨٠٠ میلیارد دۆلاری فرۆشتنی نەوتی ئێران لە درێژایی سێ دەیە، ئەویش کاتێك داهاتی دراوی ساڵانە لە کاتی دەستەڵاتداریی ئەحمدی نیژاددا ٢.٥ بەرامبەری داهاتی مامناوەندی ساڵانەی دەوڵەتی خاتەمی، ٤.٢ بەرامبەری دەورەی ڕەفسەنجانی و ٤.٨ بەرامبەری کاتی دەستەڵاتداریی میر حوسێنی مووسەوی و ٥ بەرامبەری ٩ ساڵی کۆتایی دەستەڵاتی حکوومەتی پەهلەوی لە ئێران بووە (ڕۆژنامەی سەرمایە، ٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٨)، نەك نەبوو بە هۆی خۆشبژێوی خەڵك و چوونەسەرەوەی ئاستی ژیانی ئەوان، بەڵکوو بەپێچەوانە، هەژاری و بەرزبوونەوەی جیاوازیی چینەکانی ئێرانیشی زۆرتر کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی "محەممەد موخبێر دزفوولی" بەڕێوەبەری بنکەی بەڕێوەبەرایەتی "فەرمانی حەزرەتی ئیمام" ڕێکەوتی ١٧ی مانگی پووشپەڕی ١٣٩٦، "[لە ئێراندا] دوازدە میلیۆن کەس لە ژێر هێڵی ڕەهای هەژاریدا دەژین و ٢٥ هەتا ٣٠ میلیۆن کەسیش لە ژێر هێڵی ڕێژەیی هەژاریدا ژیان بە سەر دەبەن، ئەویش لە حاڵێکدایە کە ئێران چوارەمین پاشەکەوتی نەوتی جیهان واتە لە سەدا ٩.٣ پاشەکەوتی نەوتی لەبەر دەستدایە". کوشتن و قاچاخی ئەندامانی لەشی منداڵانی ئێرانی بەگشتی یەکێك لە کارەساتەکانی هەژاری و بێپارەیی لە ئێرانە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "بەهار"، محەممەد عەلی پوورموختار ئەندامی کۆمیسیۆنی قەزایی و حقووقی مەجلیسی ئێران ئاماژە بە کڕێدان و قاچاخی ئەندامی لەشی منداڵان، و بە تایبەتیی لە نێو بنەماڵەی گیرۆدەکانی مادەی سڕکەر دەکا. بەپێی وتەی فاتمەی دانیشوەر ئەندامی شووڕای شاری تاران لە وتووێژێك لەگەڵ میدیاکان "لە زۆربەی بوارەکاندا منداڵان ون دەبن و ئەندامەکانیان قاچاخ دەکرێ و پاش ماوەیەك لەشی بێ چاو و گورچیلەیان لە بیابانەکان دەبینرێتەوە". ڕۆژنامەی بەهار پێداگری لەوە دەکا کە قاچاخی ئەندامی لەش هەر لەو نیزیکیانە لە نێوان منداڵانی قەراخ شارنشین و منداڵانی کار و ئەوانەی لە نێو زبڵدانەکان دەگەڕێن ڕوو دەدا. ئەو منداڵانەی کە هیچ کەس پەرۆشی بوون و نەبوونیان نییە.

نرخی بێکاری لە بەهاری ١٣٩٦دا، بەپێی ڕاگەیاندنی ناوەندی ئاماری ئێران سەدا ١٢.٦ بوو و ئەم ڕێژەیە لە بەراورد لەگەڵ بەهاری ساڵی ١٣٩٥ هەتا ٠.٤٪ و زستانی ١٣٩٥ هەتا ٠.١٪ بەرز بۆتەوە.

---

[٢٢] توسعه

بەپێی ئامارەکانی بانکی ناوەندیی ئێران، ئاستی ئابووریی بنەماڵەکانی ئێرانی لە دە ساڵی ڕابردوودا تا سەدا ١٥ دابەزیوە، بەپێی قسەکانی عەبدولرەزا ڕەحمانی فەزڵی وەزیری نێوخۆی ئێران، ڕێژەی بێکاران لە بەشێك لە شارەکان، سەدا شەستە، هەروەها مامناوەندی ڕادەی خواردنی گۆشت، ماسی، نان، برینج و شیر لەم دە ساڵەدا لە سەدا ٣٠ هەتا ٥٠ کەمی کردووە. مەودای خەرجی نێوان پارێزگای تاران و پارێزگاکانی دیکەی ئێران بەلانیکەم دووقات زیادی کردووە و، جیاوازی بودجەی بنەماڵەکانی تارانی و پارێزگاکانی دیکەی ئێران لە سەدا ٤٥ لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاویدا گەیشتۆتە سەدا ٨٧ لە ساڵی ١٣٩٥، سەرنجڕاکێش ئەوەیە وەزعی بنەماڵەکانی پارێزگای لوڕستان و کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکە، لە ئاستێکی نزمتر دایە.

ڕاپۆرتی ناوەندی توێژینەوەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ساڵی ١٣٩٥ لە کتێبێك بە ناوی "سەرەکیترین مەسایلی وڵات: ڕاسەری (ئەولەویەت) و ڕێکارەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە خولی دەیەم" پیشاندەری قەیرانێکی هەموو لایەنە لە ئێران دایە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە "گەشەسەندنی ئابووریی ئێران لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی هاوتەراز لە ئاسۆی درێژخایەندا نزم بووە. مامناوەندی گەشەی ئابووریی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٦٦ هەتا ٢٠١٤ بەرامبەر بە ٤.٢٪ بووە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە مامناوەندی گەشەی ئابووری لەو وڵاتانەی کە داهاتیان نێونجییە، هەروەها لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بەڕیز ٥.١ و ٤.٨٪ بووە. لە نیزیکەی ٥٠ ساڵدا جیاوازی لە نرخی گەشەسەندن جیاوازییەکی بەرچاوی لە ئاستی داهاتی ئێران پێك هێناوە. دەگەڵ ئەوەش، دوورەدیمەنی دەرچوون لە مەندیی ئێستای ئابووریی ئێران گەلێك نادیارە" ئێستاکە ٢.٩ میلیۆن لە ١٤ میلیۆن کرێکاری ئێرانی واتە پتر لە سەدا ٢١ی کرێکاران، بێکارن و ٢.٤ میلیۆنیش پیشەی ناتەواویان هەیە. بەپێی ئاکامی لێکدانەوەکان وێدەچێ لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا ژماری بێکاران لە ئێران بگاتە ٥ میلیۆن کەس.

بەهۆی پەرەسەندنی نەرێنیی[٢٣] ئابووری و نرخی سەرەوەی ئاوسان لە ساڵانی ١٣٩١ و ١٣٩٢دا، داهاتی سەرانەی ڕاستەقینەی خەڵك بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٣٩٠ نیزیکەی سەدا ٢١ دابەزیوە. لێکۆڵینەوەی ١٧١ وڵاتی جیهان پیشانی داوە کە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا تەنیا ٢٦ وڵات نرخی ئاوسانی دوو ژمارەییان بووە و ئابووریی ئێران لە ڕیزی ١٠ وڵاتی یەکەم دایە.

لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، سەدا ٧١ی دانیشتوانی ئەم وڵاتە لە ناوچە شارییەکان ژیاون، نیسبەتی تەڵاق بە هاوسەرگیری، ٢٣ بووە و ئەوە لەخۆیدا دیاردەیەکی بێوێنەی ٥٠ ساڵی ڕابردووە. بەپێی سەرژماریی ساڵی ١٣٩٥ ڕێژەی ئەو ژنانەی کە سەرپەرستیی بنەماڵەیان وەئەستۆ گرتووە لەچاو ساڵی ١٣٧٥ چۆتە سەرێ و لە یەك میلیۆن و دوو سەد هەزارەوە گەیشتۆتە یەك میلیۆن و شەشسەد و چل و چوار هەزار کەس. چوونەسەرەوەی ئاماری دۆسیە قەزاییەکان (١٥ میلیۆن)، بەرزبوونەوەی ڕادەی تەڵاق و دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری، وێڕای بوونی نیزیکەی ١١ میلیۆن کەس لە تەمەنی پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیدا، دیاریکرانی ٣١٩٥٠ نەخۆشی ئەیدز هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٩٤ [هەڵبەت ڕێکخراوەی بێهداشتی جیهانی باس لە سەرەوەی ١٠٠ هەزار نەخۆشی HIV لە ئێران دەکا، پتر لە سەدا ٤٠یان لە ڕێگەی پێوەندیی جنسییەوە تووشی ئەم نەخۆشییە بوون]، بەرزبوونەوەی مەیلی بەکارهێنانی مادەی سڕکەر و ڕەوانگۆڕ (پتر لە ٢٣٢٥٠٠٠ گیرۆدەی دایمی و بە ئیشتیا بوون)، ئەوانە هەموو بەشێکن لە کارەساتی سیاسەتی هاوتەرازکردنی ئابووریی

[٢٣] رشد منفی

نیولیبراڵەکانی ئێران. بەپێی ئاماری بنکەی خەبات لەگەڵ مادەی سڕکەر ژماری گیرۆدەکان لە ئێران نزیکەی ٢٣٢٥٠٠٠ کەسە کە بە حیسابکردنی مامناوەندی ڕەهەندی بنەماڵە ٥.٣ کەس لە ئێران، دەکرێ ئاماژە بە تووشبوونی ڕاستەوخۆی ٨ میلیۆن و ١٣٧ هەزار و ٥٠٠ کەس بە مادەی سڕکەر بکرێ.
مووچەی مانگانەی خانەنشینەکان تەنیا لە سەتا ٤٨ی خەرجومەخارجی ژیانی ئەوان مسۆگەر دەکا. قەرزی دەوڵەت بە ڕێکخراوەی تەئمینی کۆمەڵایەتی، سەرەوەی ١٠٠ هەزار میلیاردە. لەسەدا ٨٠ی مووچە و سەربەشی خانەنشینەکان لە سەندووقەکانی سپایی و نێوخۆیی[٢٤] لە بودجەی گشتیی دەوڵەت مسۆگەر دەکرێ و ئەمە بە مانای نابووتبوونی ئەم دوو سەندووقەیە.
لەم هەلومەرجەدا، بارودۆخی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی ئێران خراپتریشە، هەژاری و بێکاری لە کوردستان تەنانەت بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆڵبەری و کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە سنووری باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کوژرانی کەسانێك کە بۆ مسۆگەرکردنی ژیانی بنەماڵەیان گیان و سلامەتیی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و هێزەکانی سەرکوتکەری ئێران بێبەزەییانە ئەوان و ئاژەڵەکانیان وەبەر گولـلە دەدن و دەیانکوژن. بەپێی ڕاپۆرتێك لە ماڵپەڕی "سلامت آنلاین- ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٥"دا، پارێزگاکانی ورمێ، کوردستان و کرماشان زۆرترین ڕێژەی کۆڵبەریان هەیە و زۆرترین میزانی کوژرانی کۆڵبەرەکان لە مەریوان، سەردەشت، شنۆ، بانە و نەوسوود ڕوو دەدا. بە وتەی عەبدولکەریم حوسێنزادە نوێنەری خەڵکی نەغەدە و شنۆ لە پەرلەمانی ئێران هەموو ساڵێك لە نێوان ٥٠ هەتا ١٠٠ کۆڵبەر کە تەمەنیان لە نێوان ١٠ هەتا ٧٠ ساڵە، گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.
بەپێی لێکدانەوەکان ڕێژەی هەژاریی داهات لە کوردستان سەرەوەی سەدا نەوەدە. بە وتەی ئەحمەد میدەری جێگری بەشی خۆشبژیویی وەزیری هاریکاری ،کار و خۆشبژیویی کۆمەڵایەتی، هەژاریی چەند ڕەهەندی لە پارێزگای کوردستان دەگاتە سەدا ٤٥. بەپێی وتەکانی سەید مێهدی فەڕشادان نوێنەری شارەکانی سنە، دیواندەرە و کامیاران لە پەرلەمانی ئێران: "بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران نرخی بێکاری لە نێو گەنجانی کوردستان لە یەك تاقە ساڵدا، دوو بەرامبەری مامناوەندی ئێران بەرز بۆتەوە و نرخی بێکاری لە گرووپی تەمەنی ٢٤-١٤ ساڵدا نیزیکەی سەدا ١٢ لە مامناوەندی وڵات بەرزترە"، فەڕشادان هەروەها دەڵێ: "سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی کارخانەکانی ئەم پارێزگایە و گشتییەکەکانی بەرهەمهێنەری گەورە و بچووك ٨٢٧ یەکەیە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە سەدا ٦٠ی یەکە بەرهەمهێنەرەکانی کوردستان ناچالاك و بەپێی ئاماری فەرمی ٢٣٧ یەکە وێستاو و نیوە چالاکن. مامناوەندی چوونە سەرەوەی ئاستی هەژاریی ڕەها لە پارێزگای کوردستان لە نێوان ساڵانی ٩٠- ١٣٨٧ هەتاویدا ٦.٩٪ و میزانی هەژاری ڕێژەیی ٩.٦٪ بووە. بە وتەی سەید شاکری ئیبراهیمی نوێنەری کرێکارانی پارێزگای کوردستان حەقدەستی کرێکارانی ئەم پارێزگایە یەك لە ٣ی هێڵی دیاریکراوی هەژارییە.
بەپێی لێکۆڵینەوەیەك لە شاری مهاباد کە لەسەر بنەمای وەڵامی سەرپەرستی بنەماڵەکانی ئەم شارە لە پێوەندیی لەگەڵ میزانی داهاتیان کراوە و دەکرێ وەکوو پێوەرێك بۆ لێکدانەوەی ئاستی هەژاری لە پانتاییەکی گەورەتر لەبەر چاو بگیرێ، بەرزترین دەستەی هەبووی داهات لە شاری مهاباد لە نێوان ٢٠٠ هەتا ٣٠٠ هەزار و پاش ئەوان دەستەی داهات لە نێوان ٣٠٠ هەتا ٤٠٠ هەزار تمەن لە مانگدایە. بەپێی ئەوەی کە بانکی ناوەندیی ئێران ٤٨٠ هەزار تمەنی وەکوو هێڵی هەژاری دیاری کردووە، لە سەدا ٩٢ی خەڵکی مهاباد

[٢٤] لشکری و کشوری

له ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. بێکاری له وڵاتانی له حاڵی گەشەسەندندا یەکێك له هۆکاره سەرکییەکانی سەرهەڵدان و پەرەگرتنی هەژارییە و ئەمڕۆکه پتر له سەدا ١٥ی خەڵکی مهاباد بێکارن و سەرەوەی سەدا ١٥ش بێکاریی نهێنی خۆیان له ژێر سەرپۆشی پیشەی ئازاد و پڕ زەحمەتی کشتوکاڵدا شاردۆتەوە.
ئاستی سەرەوەی هەژاری و بێپارەیی بۆته هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی فرۆشتنی ئەندامانی لەش له هەموو ئێران بەگشتی و له ڕۆژهەڵاتی کوردستان به تایبەتی. بەپێی وتەکانی سەید عەتائوڵلا عەبدی سەرپەرستی پشتگری له نەخۆشەکانی گورچیلەی پارێزگای سنه له وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی "باران خبر"، "پارێزگای سنه پلەی هەوەڵی له ئێران بۆ فرۆشی گورچیله هەیه و هەژاریی بەرچاوی ئابووری هۆی چوونەسەرەوەی ڕادەی فرۆشی گورچیله له کوردستانه. عەبدی هەروەها دەڵێ لێکدانەوەی زۆربەی فایلەکان نیشاندەری پێداویستی سەختی ماڵیی ئەو کەسانەیه که دەیانەوێ گورچیلەکانیان بفرۆشن". پەرەسەندنی بێکاری، گرانی، هەژاری، ئاستی بەرزی جیاوازیی چینایەتیی له ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆته هۆی ئاسایی بوونی دیاردەی فرۆشتنی ئەندامی لەش و سەرهەڵدانی بازرگانیی خوێناویی فڕاندن و کوشتنی منداڵان و گەنجان له لایەن قاچاخچییەکان و کڕین و فرۆشتنی ئەندامی ئەوان له بازاڕی ڕەشی نێوخۆیی و بیانیدا.

## کۆتایی

سیستمی سەرمایەداری له سەدەی بیستەمدا، سێ قۆناخی مەندی له نێوان ساڵانی ١٩٢١-١٩٠٠، ١٩٤٩-١٩٢٩ و ١٩٨٢-١٩٦٥ تێپەراندووە. له ڕوانگەی ئابووریی سیاسیی مارکسییەوە بەرهەمهێنانی "زێده سەرمایه" و ناتەبایی "دەرخستن و ویستنی" کەلوپەل هۆی سەرەکی قەیرانی سیستمی سەرمایەدارییه. نیشانەکانی ئەم قەیرانه بریتین له دابەزینی بەهرەی سەرمایه، بەرزبوونەوەی وزەی بەرهەمهێنانی پەنگخواردوو، کەڵەکەبوونی قەرز و زۆربوونی جیاوازیی چینایەتی. له دەیەی ١٩٧٠دا قەیرانی کەڵەکەبوونی سەرمایه، پەرەسەندنی بێکاری و ئاوسانی بێوچان و خێرا، کاریگەرییەکی نەرێنی له سەر هەمووان بوو. قەیرانی سێهەمی سەرمایەداری و ناڕەزایەتی گشتی لەم بارودۆخه نالەباره، هەروەها بەیەکگەیشتنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی کرێکاری و شاری له بەشێکی بەرچاو له جیهانی سەرمایەداریدا، ڕێخۆشکەرێ ڕەوتی زاڵبوونی بیروهزری نیولیبراڵی وەك وڵامێکی ئایدیۆلۆژیك به قەیرانی"دەوڵەتی خۆشبژیویی کێنزی" و کۆتایی هاتن بەم سیاسەته ئابوورییه (کێنزی) له زۆربەی وڵاته سەرمایەدارییەکانی جیهان بوو.
له سەرەتای دەیەی ١٩٨٠ – وە، تاچێریزم له بریتانیا و ڕێگانیزم له ئەمریکا ڕێخۆشکەری ڕەوتی خۆیی کردن و پەرەسەندنی نیو لیبراڵیزم له هەموو جیهانی سەرمایەداریدا بوون. به شوێن ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت، گشت خولی مێژووی خاوەندارییەتی دەوڵەتی به چەشنێکی بەرچاو پاشگەز کرایەوە. به شوێن ئەم پاشگەزبوونەوە، ئەوەی که ڕووی دا بریتی بوو له دەستپێکی چەرخی سەربزێوی سەرمایەداری و گەڕانەوە بۆ خاوەندارییەتی خۆیی شیرکەتەکان و دووربوونەوە له خاوەندارییەتی گشتی و دەوڵەتی، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ڕێساکانی دەوڵەتی بۆ پیشەسازی و بەشه جۆراوجۆره ئابوورییەکان، ماڵیکردنی کۆمەڵگه و، بەم هۆیه بازاڕی بوونی هەرچی زۆرتری پێوەندییه کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها دابەزینی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و شتومەکی خۆڕایی، یان "یارانەی دەوڵەتی". نیولیبراڵیستەکان خوازیاری کرانەوەی سنوورەکان بۆ سەرمایه و کەلوپەلی سەنعەتی و ئازادیی بازاڕی کاری جیهانین. مەبەستی سیاسەتەکانی نیولیبراڵیزم له ئازادیی بازاڕی کاری جیهانی هەڵوەشانەوەی تەواوی ئەو یاسایانەیه که له

بەرژەوەندیی کرێکاران پەسەند کراون، هەروەها لە نێوبردنی یەکیەتیی کرێکاران و گرێبەستەکانی کۆیی نێوان کرێکار و خاوەنکارەکان، هەڵوەشاندنەوەی یاسای دایمی کار و جێگیرکردنی لانیکەمی حەقدەست بۆ بەرهەمهێنەرەکان، کە وەکوو کۆسپێك لە سەر ڕێگای یاسای بێعەیبی بازاڕ پێناسە دەکرێن. بەڕێوەبردنی سیاسەتی نیولیبڕالی و ڕێکارنامەکانی سەندووقی نێونەتەوەیی پارە و بانکی جیهانی لە زۆربەی وڵاتاندا بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوسانی ئابووری، بێکاری، گرانی، هەژاری، دابەزینی ئاستی خدمەتگوزاری لە تەواوی ئاستەکان، پەرەگرتنی گەندەڵی ئابووری و، بەرزبووونەوەی ئاستی نەخوێندەواری. بەرزبوونەوەی نابەرامبەریی سامان و سەروەت و داهات. هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی جیاوازیی چینایەتی، ئاکامی سیاسەتی ئابووریی نیولیبڕالییە.

## سەرچاوەکان:


١. جوزف استیگلیتز – پایان رؤیای آمریکایی. ترجمه‌ی پرویز صداقت، ۲۰۱۲
٢. دیوید هاروی، تاریخ مختصر نئولیبرالیسم، ترجمه د.محمود عبدالله‌زاده، نشر اختران ۱۳۸۶
٣. گفتوگوی السا بولت با دیوید هاروی، ۱۵ مارچ ۲۰۱۳، ترجمه‌ی پرویز صداقت، سایت نقد اقتصاد سیاسی
٤. اسکات لش، جامعه شناسی پست مدرنیسم، ترجمه‌ی حسن چاوشیان، نشر مرکز، ۱۳۸٤
٥. بینگ یان لی، چین زیر نفوذ نیولیبرالیسم، برگرفته از کتاب چین در عزیمت، اما به کدام سو؟ ترجمه‌ی خ. طهوری
٦. گفتوگویی با وندی براون درباره‌ی نیولیبرالیسم، علیه ارزش‌های نیولیبرالی، رحمان بوذری، وبلاگ میدان، ۲٦ بهمن ۱۳۹٦
٧. احمد سیف، نیولیبرالیسم، بلاوکراوەی سایتی کتابناك
٨. خسرو صادقی بروجنی، نیولیبرالیسم در بوته‌ی نقد،(مجموعه مقالات) نشر الکترونیکی، پاییز ۱۳۹۰
٩. ب. کیوان، بحران توسعه و توسعه‌ی بحران: سیستم اقتصادی– اجتماعی نیولیبرالی خطری جدی برای حیات بشریت
١٠. زهره روحی، بازبینی تجربه‌های نیولیبرالیسم: ریشه‌ها و پیامدها، جهان کتاب، سال دوازدهم، شماره ۹-۱
١١. سید حامد وارث، سیاست تعدیل اقتصادی در کشورهای در حال توسعه، چگونگی اشاعه، آثار و پیامدها، پژوهشنامه‌ی اقتصادی صص۱۱٦- ۹۳
١٢. آزاده شعبانی، بهشت نیولیبرالیسم: ٤٤ درصد کودکان آمریکایی در فقر زندگی می‌کنند، *اکتبر ۱۲، ۲۰۱۵*
١٣. ٤٥ سال نیولیبرالیسم در بریتانیا، نیمی از کودکان در شهرهای بزرگ انگلیس در فقر به سر می‌برند، مجله‌ی هفته
١٤. کین بیرچ و ولاد میخنکو، خاستگاه‌های ایدئولوژیك و تاریخی نیولیبرالیسم، مترجم: امین گنجی
١٥. جورج مونبیو، همه ما نیولیبرال هستیم، ترجمه‌ی محمد معماریان، سه شنبه ۵ مرداد ۱۳۹۵
١٦. غالب ابو مصلح، نیولیبرالیسم و "جهان سوم". برگردان: احمد مزارعی، مجله هفته، ۱۰ سپتامبر ۲۰۰۹
١٧. چند میلیون نفر در ایران زیر خط فقر مطلق قرار دارند؟، سایت تحلیلی خبری عصر ایران ۱۵ تیر ۱۳۹٦
١٨. نرخ بیکاری در کردستان به دو برابر میانگین کشوری افزایش یافت. خبرگزاری تسنیم، ۷ آذر ۱۳۹٦
١٩. رحمت بهرامی، تحلیلی بر فقر شهری در استان کردستان، مهندسی جغرافیایی سرزمین، دوره دوم، شماره ۱، بهار و تابستان ۱۳۹٦، صص ۱/۱٤

۲۰. میگل هشترودی، فاجعه‌ای بیخ گوش تهران؟ اعتراف یك نماینده شورای شهر در رابطه با قاچاق اعضای بدن، سایت روزنامه بهار، شماره ۲۱۹، ۱۲ تیر ۱۳۹۶

۲۱. عمده‌ترین مسائل کشور در حوزه اجتماعی. مرکز پژوهش‌های مجلس شورای اسلامی، اداره کل هماهنگی و برنامه‌ریزی پژوهشی، اداره‌ی انتشارات و مجله، چاپ اول ۱۳۹۵

۲۲. دستمزد کارگران کردستانی یك سوم خط فقر است، خبرگزاری دانشجویان ایران "ایسنا" ۲۱ بهمن ۱۳۹۶

۲۳. زندگی«کولبرها»؛ چهره عریان رفاه اجتماعی در مناطق محروم، سلامت آنلاین، سه‌شنبه ۲۶ بهمن ۱۳۹۵

۲۴. جمعیتی که هرروز به زیر خط فقر سقوط می‌کنند، آراز آذربایجان، نخستین روزنامه آذربایجان غربی، چهارشنبه، ۱۵ شهریور ۱۳۹۶

۲۵. منصور عزیزی، دکتر علی موحد، دکتر فرزانه ساسانپور و نعمت کرده، تحلیلی بر وضعیت فقر شهری(مطالعه موردی: شهر مهاباد)، فصلنامه اطلاعات جغرافیایی، دوره‌ی بیست و سوم. شماره نودم، صص ۶۹/۶۰

۲۶. داغ فقر بر کلیه‌ی کردستانی‌ها/کردستان مقام اول فروش کلیه را دارد. سایت کردتودی،

۲۷. جرمی ریف کین، ترجمه‌ی حسن مرتضوی، پایان کار، زوال نیروی کار جهانی و طلوع عصر پسا بازار، انتشارات دانش ایران، چاپ اول ۱۳۷۹

۲۸. نرخ تورم و شاخص بهای کالاها و خدمات مصرفی، بانك مرکزی جمهوری اسلامی ایران

29. Candace Smith, A Brief Examination of Neoliberalism and Its Consequences, Oct. 2, 2012

30. Susan George, A Short History of Neoliberalism, 24 March 1999

31. Stephen Metcalf, Neoliberalism: the idea that swallowed the world, Fri 18 Aug 2017 06.00 BST